
گوڵان ئامادەیە بە نرخێکی گونجاو و بەجوانترین شێوە ریکلامەکانتان بۆ بڵاوبکاتەوە
پەیوەندی بەم ژمارەوە بکەن 07504567070

# سەرکەوتووترین بەرهەمە سینەماییەکانی ساڵی ٢٠٠٩



پێوەری هەڵبژاردنی باشـــترین فیلمەکان جیاوازن، ئەوەی ئێمە لێرە دەیخەینە روو، پێوەری تەماشاوانە، بیانوشمان ئەوەیە کاتێك فیلمێك هەرچەند هونەرکاری تێدا بێت، بەڵام لەدڵی تەماشـــاوان جێگەی خۆی نەگرتبێت بە فیلمێکی جەمـــاوەری ناژمێردرێت، چونکە لەکۆتاییدا بەرهەمهێنانی فیلم بەشـــێکە لە بزنس و ئامانجی راکێشانی تەماشـــاوانە، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهاتێکی زۆر پەیدا بکەن.

بەشـــی شەشـــەمی فیلمی هاری پۆتەر "Harry Potter and the Half-Blood Prince" لوتکـــەی باشـــترین فیلمەکانی ســـاڵی ٢٠٠٩ یە، ئەمـــەش بەکۆکردنـــەوەی ٩٣٠ ملیـــۆن دۆلار لە تێکڕای سینەماکانی جیهان. فیلمەکە لەنوسینی رۆماننووســـی بەناوبانگـــی بەریتانـــی "ج.ك. رۆلینج"ـە.

بەشـــی ســـێیەمی فیلمی ئەنیمەیشن "Ice Age: Dawn of the Dinosaurs" بە کۆکردنەوەی نزیکەی ٨٨٤ ملیۆن دۆلار پلەی دووەمی بەدەســـت هێنا. یەکەم بەشی ئەم فیلمە لە ساڵی ٢٠٠٢ بەرهەم هێنرا، فیلمەکە باس لەهەزاران ســـاڵ پێش ئێســـتا دەکات کاتێك جیهان هەمووی بە سەهۆڵبەند داپۆشراوە.

لەپلەی ســـێیەم بەشـــی دووەمی فیلمی گۆڕاوەکان "Transformers: Revenge of the Fallen" دێت، بە کۆکۆدنەوەی ٨٣٥ ملیۆن دۆلار، ئەم فیلمە بەشی یەکەمی لەساڵی ٢٠٠٧ بەرهەم هێنرا، فیلمەکە باس لەکۆمەڵێك رۆبۆرت دەکات کـــە توانایی خۆ گۆڕینییان هەیـــە بۆ چەندین شـــێوە، و ئەم رۆبۆتانە لە هەســـارەیەکی تر، بۆ گەیشـــتن بەهەندێك زانیاری دێنە ســـەر زەوی، لەنێو خۆیاندا ململانێیەکی زۆر دروســـت دەبێت کە زۆر ناوچەی زەوی تێکوپێك دەشکێنن.

پلەی چوارەم فیلمی ٢٠١٢یە، ئەم فیلمە بەهۆی ناوەڕۆکەکەیەوە مشـــتومڕێکی زۆری دروســـت کرد لـــە جیهان، چونکـــە باس لەو بەســـەرهاتانە دەکات کەگوایە لەساڵی ٢٠١٢ کۆتایی بە ژیان دێت و هەموو شتێك تێکوپێك دەشـــکێت، و لەم ساتە ناخۆشانەدا کۆمەڵێك گەنجی پاڵەوان دەتوانن خۆیان لەوهەموو وێرانکارییەی جیهان دەرباز بکەن. فیلمەکە لە دەرهێنانی "رۆلاند ئیمریچ" و پاڵەوانییەتی: جۆن کۆزاك، ئەماندا بیت، تاندی نیوتن...

فیلمـــی ئەنیمی "Up" توانی ٦٨٣ ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە، بەمەش پلەی پێنجەمی باشـــترین فیلمەکانی جیهانی بەدەست هێنا. فیلمەکە باس لە پیاوێکی پیری تەمەن ٨٧ ساڵ دەکات کە هەموا ئاواتی ژیانی ئەوە بووە سەردانی باخچەکانی باشور بکات بەڵام لەبەر نەبونی هەوڵدەدات بەهۆی باڵونەوە خۆی و ماڵەکەی ئەم گەشتە بکەن.

## سینەمای کوردیش لە سەرکەوتن بێبەش نەبوو

ئەگـــەر بـــاس لـــە دەســـتکەوتەکانی ســـینەماکارانی کوردی بکەیـــن بێگومان ناتوانین وەك فیلمـــە جیهانییەکان داهات و دەستکەوتی ماددی و فرۆشتنی پلیت بکەین بە پێوەرێك، بەڵام زیاتر باس لە بەشـــداری کردنی ئەم فیلمانە لە فیستڤاڵە جیهانییەکان و ئەو خەڵاتانەی بەدەستیان هێناوە دەکەین، هونەرمەندی سینەماکاری کورد "شەوکەت ئەمیـــن کورکی" بـــە فیلمی ســـینەمایی "شوێنێك بۆ یاری" لە چواردەهەمین خولی فیســـتیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی پووسان لە کۆریای باشوور خەڵاتی ٣٠ هەزار دۆلاری بەشی "رێڕەوە نوێیەکان" بەدەستهێنا.هەروەها فیلمی (شوێنێك بۆ یاری) بەر لە ماوەیەکی کورت لـــە فیســـتڤاڵی نێودەوڵەتی دوبەی خەڵاتێکی تایبەتی بە دەستهێنا و چاوەڕوان دەکرێت خەڵاتی تریش بەدەست بهێنێت.

لـــە لایەکی دیکەوە شـــەهرام عەلیدی" دەرهێنەری لاوی کورد بە فیلمی سینەمایی "ســـرتە لە گەڵ با" خەڵاتـــی رخنەگرانی لاوی هیندســـتانی لـــە یازدەهەمین خولی فیســـتیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی مۆمبای لە وڵاتی هیندســـتان بەدەســـتهێنا،خەڵاتی "رخنەگرانـــی لاوی هێندســـتان" واتـــە "دەروازەی زێوی هێندســـتان"ی لە بەشـــی کێبڕکێی نێودەوڵەتی، خەڵاتی ئەکادیمیای هونەر و سینەمای مۆمبای MAMI دێتە ئەژماردن.

بـــەر لەم خەڵاتـــەش شـــەهرام عەلیدی بەهەمان فیلم خەڵاتێکی رێزلێنانی تایبەت بە رەخنەگران لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی (کان) لە فەرەنسا بەدەســـتهێنابوو، شایەنی گوتنە فیستیڤاڵی کان بە یەکێك لە فیستیڤاڵە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان دەژمێردرێت.

## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# بۆ دوو هەفتە لەسەر یەک فیلمی "ئەڤاتار" بەبێ رکابەر لوتکەی فیلمەکانی گرتووە

فیلمی ئەڤاتار کەلە دەرهێنانی دەرهێنەری بەناوبانگ "جێمس کامیرۆن"ە بۆ هەفتەی دووەم پلەی یەکەمی باشترین فیلمەکانی بەدەست هێنا و تائێستا زیاتر لە ٢١٢ ملیۆن دۆلاری کۆکردۆتەوە. ئەم فیلمە لە لاپەڕەکانی تری گۆڤارەکە بەدرێژی باسی لێوە دەکەین، بۆیە لێرە بەباشی دەزانین تیشک بخەینە سەر فیلمی پلە دووی ئەم هەفتەیە کە بریتییە لە "Sherlock Holmes"، ئەم فیلمە بە زیاتر لە ٦٥ ملیۆن دۆلار ئەم پلەیەی بەدەست هێنا.

فیلمەکە باس لە کابرایەك دەکا بەناوی شەرلۆك هۆلمز، راوی چەتەو پیاوکوژان دەکات، ململانێی لەگەڵ پیاوکوژێك هەیە بەناوی "لۆرد بلاکۆود"، هۆڵمز هەڵدەستێ بەگرتی لۆرد، لەکاتێکدا کە خۆی و یاریدەرەکەی لەگەڕاندان بەشوێن تاوانبارێکی تر، بۆیە لەغافڵی ئەمان لۆرد دەرباز دەبێت، و جارێکی تر دەست بە کوشتار دەکات.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "جای ریچی" و پاڵەوانێتی "رۆبەرت داونی جی ئار، جود لۆ، راشێل ماك ئەدامز، مارك سترونج".

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:



1- (Avatar) ٧٥،٦١٧ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢١٢،٧١١ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، لەی پێشو:١.




2- (Sherlock Holmes) ٦٢،٣٩٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٢،٣٩٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.



3- (Alvin and the Chipmunks: The Squeakquel) ٤٨،٨٧٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ٧٥،٥٨٩ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.




4- (It's Complicated) ٢٢،١٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٤،٧١٧ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:١.




5- (The Blind Side) ١١،٤٧٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٨٤،١٢٧ ملیۆن$، بە٦ هەفتە، پلەی پێشو:٣.



6- (Up in the Air) ١١،٤٧٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٤،٠٣٨ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:٨.



7- (The Princess and the Frog) ٩،٠٠٤ ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٣،٦٧٩ ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو:٢.




8- (Nine) ٥،٤٥٢ ملیۆن$، کۆی داهات: ٥،٣٨٠ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٢٠.




9- (Did You Hear About the Morgans?) ٥،٠٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٥،٦٠٠ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو: ٤.



10- (Invictus) ٤،٠٤٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٣،٠٢٠ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٦.

ئا: عەبدوڵلا چنگیانی



## نادین نجیم:

# پێویستە مرۆڤ لە ناخەوە جوان بێت

**نادین نجیم لە ساڵی ٢٠٠٤دا توانی نازناوی شاجوانی لوبنان بەدەست بهێنێت دوای رکابەرییەکی بەهێز لەنێوان ژمارەیەك کچی بەشدار بوو لە پێشبڕکێیەکەدا، تا رادەیەك هەڵبژاردنی نادین چاوەڕوان نەکراو بوو، بەڵام لیژنە لە کۆتاییدا دەنگی پێدا، دواتریش رووی لە کاری نواندن کرد و یەکەم جار لە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی لوبنانیدا دەرکەوت بەناوی (خطوة حب) و ئێستاش بەردەوامە لەسەر نواندن دوای ئەوەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا.**

**نادین لە رێگای شادی نجیمی برا و بەڕێوەبەری کارەکانییەوە بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە/ خەلیل بلەیی** xalil2001@yahoo.com

*** تایبەتمەندییەکانی شاجوان چین؟**

- بێگومان ئەو کەسەی دەبێتە شاجوان دەبێت هەندێك جیاوازی هەبێت لەرووی جوانییەوە ئەمەش وەك مەرجێك وایە، بەڵام پێویستە شاجوان کەمێ زانیاری لەسەر هەموو شتەکان هەبێت، هیچ مرۆڤێك کامڵ نییە، بەڵام جۆرێك لە گونجان لەنێوان جوان لەش و رووخساری کچدا هەبێت پێموایە ئەوانەی نازناوی شاجوان بەدەست دەهێنن بەشی هەرە زۆریان ئەم گونجانەیان هەیە.

*** چۆن بوو رووت لەکاری نواندن کرد؟**

- رەنگە تا رادەیەکی زۆر رێکەوت رۆڵی هەبووبێت لەوەی کە من ببم بە ئەکتەر و کاری نواندن بکەم، بێگومان هاندانی دەورووبەر و ئەوانەی لێم نزیکن ئەویش رۆڵی هەبوو لەوەی کە من بەم کارە رازی بم و هەوڵ بدەم تێیدا سەرکەوتوو بم.

*** ئەگەر یەکێك رەخنەت لێ بگرێت لە بواری نواندنەوە چۆن وەڵامی دەدەیەوە؟**

- من وەڵامی رەخنەگران نادەمەوە بەتایبەتی ئەگەر بزانم رەخنەکەی لەجێیە و لە کۆتاییدا سوودی بۆ من دەبێت یان دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی هەڵەکانم، چونکە هەموو مرۆڤێك هەڵە دەکات.

*** هەستت چی دەبی ئەگەر نازناوی باشترین ئەکتەر بەدەست بهێنێت؟**

- بێگومان هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا دەترسم، چونکە ئەگەر یەکەمیش بم تا هەتایە بەردەوام نابم.

*** ئایا جوانی تەنیا جوانی رووخسار و بەژن و باڵایە؟**

- نەخێر بەر لەوەی روخسار و دەموچاوی مرۆڤ جوان بێت، پێویستە لە ناخەوە مرۆڤ جوان و پاك بێت، دەتوانم بڵێم تەواوکەری یەکترن.

*** لوبنانیەکان بەوە تاوانبار دەکرێن کە تەنیا پشت بە جوانی خۆیان دەبەستن ئەمە تا چەند راستە؟**

- ئەمە دوورە لە راستی، چونکە لوبنانیەکان لە زۆر بواردا بلیمەت و بەهرەمەندن کە هیچ پەیوەندی بە جوانییەوە نییە.

*** ئایا جوانی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن وناوبانگ دەرکردن؟**

- تا رادەیەك رۆڵی هەیە، بەڵام ناتوانین بڵێین جوانی هۆکاری سەرەکی یان تاکە هۆکارە

کە ئافرەت بەتایبەتی پشتی پێ ببەستێت لە ژیاندا.

*** وەك ئەکتەرێك و شاجوانێك ئێستا ژیانت چۆن بەسەر دەبەی؟**

- لەنـاو ژینگەی ماڵەوە وەك جاران ژیانم ئاساییە، بەڵام لەدەرەوە بێگومان هەر کەسێك کە لەسەر شاشە دەرکەوت جا ئەکتەر بێت یان گۆرانیبێژ یان بێژەر ئەوا ژیانی دەگۆڕێت.

*** دوای ئـەوەی رووت لە کاری هونەری کرد ژیانت گۆڕانی بەسەردا هات؟**

-بەڵێ، چونکە من ئێستا هەمیشـە لە گەڕانـدام بۆ ئەنجامدانـی کارەکانم و وەك جاران کاتم نییـە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانم و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ژیانم گۆڕاوە.

*** وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانی لیژنەی ناویژیوانان ترس لە دڵی شـاجوانان دروست ناکات؟**

- دوای تەواوبوونـی پرسـیارەکان مـن پێداچوونەوەیەکی خـۆم کرد و بۆم دەرکەوت کە دەمتوانی بەشـێوەیەکی باشـتر وەڵامی پرسـیارەکانیان بدەمەوە، بەڵام رەنگە لەرووی دەروونییـەوە تـا رادەیەك وەسـتانم لەبەردەم ئەم لیژنەیـە کاریگەری هەبووبێت بەسـەر وەڵامەکانمەوە.

*** بەر لەوەی کاری نواندن بکەی هەست بە زەحمەتییەکانی دەکرد؟**

- هەر کارێك بـە رادە و ئەندازەی خۆی زەحمەتـی تێدایە، هەر شـوێنێك تۆ بتەوێ فەرشت بۆ راناخرێ، بەڵام دڵم زۆر خۆش بوو کاتێك هەندێك لە بینەران و خزم و کەسەکانم دەستخۆشیيان لێکردم.

*** زیاتـر حـەز لـە بینینـی چ رۆڵێك دەکەی؟**

- زیاتر ئەو رۆڵانە سـەرنجم رادەکێشـن کـە کۆمەڵایەتیـن و دەبنـە هۆکارێك بۆ چارەسـەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە بەشـێوەیەکی گشتی.

*** لەوە ناترسی دژایەتیت بکرێت؟**

- نەخێر، چونکە مـن بڕوام بە تواناکانی خۆم هەیـە و دەبێ ئـەوە بزانـن گەورە و بچووکـی لە هونەردا نییە و دەرگا واڵایە بۆ ئەو کەسەی بوونی خۆی دەسەلمێنێت.

***رات چییە بەرامبەر ئەو کچە ئەکتەرانەی بەشداری لە کلیپەکاندا دەکەن؟**

- هەر کەسـێك ئازادە لە کارکردنی، بەڵام سەرکەوتن و ناوبانگی ئەکتەرەکان هۆکارێکە بۆ ئـەوەی هونەرمەندان لـە کلیپەکانیاندا بەشدارییان پێ بکەن جا کچ بن یان کوڕ.



*** ناوبانگ و ناسین لای جەماوەر دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانت؟**

- بێگومـان تـا رادەیەك سـەرنجی من رادەکێشن بۆیە پێموایە پێویستە ئەو رێگایەی دەستم پێیکردووە تەواوی بکەم، بەڵام نازانم لە کۆتاییدا بەو شێوەیە بەردەوام دەبم.

***مکیاژ چ رۆڵێکی هەیە لە جوان کردنی ئافرەت؟**

- هەندێـك جار مکیاژ زۆر پێویسـتە بۆ ئافـرەت، بەڵام هەر ئافرەتێك بە سروشـتی خۆی جوانە.

*** ئەگەر وێنەیەکی سەرنجڕاکێشـی تۆ بڵاوبکرێتەوە هەست بەچی دەکەی؟**

- توڕە دەبم و زۆر دڵێشـم توند دەبێت بەو جـۆرە کارانە، بـەڵام هەرچییەك بکەی ئەو کارانە بە بەردەوام هەیە.

*** خۆشەویستی چۆن پێناسە دەکەی؟**

- خۆشەویسـتی بزوێنەری ژیانە، چونکە هەموو شـتەکان لە خۆشەویسـتییەوە دەست پێدەکەن واتە ئەگەر خۆشەویستی نەبێت ژیان هیچ تامێکی نابێت.

*** رێکخستنی کات بۆ تۆ چەند گرنگە؟**

گونجاندنی کات گرنگە بۆ ئەوەی بتوانم گشت کارەکانم بە باشی ئەنجام بدەم، کارێکی ئاسـان نییە، بەڵام هـەر چۆنێك بێت هەوڵ دەدەم سەرکەوتووبم و بەردەوام بوونم هەبێت.

*** ئایا چۆنیەتی قسـە کردن و گفتوگۆ کار لە کەسایەتی شاجوان دەکات؟**

- من لەو کەسـانەم کە دەزانم لە چ کاتێك چ قسەیەك بکەم.

*** ئەگەر شاجوانی لوبنان نەبویتا، ئایا بەو شێوەیە دەناسرای؟**

- نەخێر، چونکە هەمیشە دەبێ هۆکارێك هەبێ بۆ ئەوەی توانا شـاراوەکانی مرۆڤ دەربخات، رەنگە ئێستا لە لوبنان بە سەدان کچی تر هەبن توانای هونەری زۆریان هەبێت و خاوەن رووخسارێکی جوانیش بن، بەڵام ئەو دەرفەتەیان بۆ نەرەخسـاوە وەك ئەوەی بۆ من رەخساوە، مرۆڤ لەرێگایەك دەردەکەوێت ئیتر دواتر دەرگاکانی لەبەردەم دەکرێنەوە.

*** ئەنجامدانـی وەرزش چەند گرنگە بۆ تۆ؟**

- مـن یەکێکم لەوانەی بـەردەوام یارییە وەرزشـیەکان ئەنجـام دەدەم، بۆ پاراسـتنی تەندروستی و دوور کەوتنەوە لە کێشی زیادی لەش.

*** چ سوودێکت لە شاجوانەکانی پێ خۆت وەرگرت؟**

- بەر لە هەموو شتێك من پەیوەندیم لەگەڵ زۆریان هەیە وئێستاش لەگەڵ بەشێکی زۆریان ماوە و پەیوەندییەکەشـمان زۆر باشە، من لە زۆر رووەوە سـوودم لێیان وەرگرت، بۆ نموونە بـڕوا بە خۆ بوون و ئارام گرتن و دۆزینەوەی دۆست و هاوڕێی نوێ و شارەزاییەکی زۆر لە مامەڵە کردن لەگەڵ میدیاکان.

*** دوا وتەت چییە؟**

هیوادارم ئاشـتی و ئارامی باڵی بەسـەر هەمـوو جیهاندا بکێشـێت و ئیتر مرۆڤەکان دوورکەونەوە لەشەڕ و کوشتنی یەکتر.








### هونەرمەند(حەمەی نێرگز) بۆ گوڵان:

# بەداخەوە لە ئەزموونی خۆشەویستیدا سەرکەوتوو نەبووم

*(حەمەی نێرگز) ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ناو هونەر و گۆرانی کوردییە، ئەو زەمەنێکە لە نێو بواری هونەری کوردیدا جێگای خۆی کردۆتە لە کاتێکدا تەواوی بەرهەمەکانی لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات(حەمەی نێرگز) کە خۆشەویستی جەماوەر و هونەرمەندانیشە، هەمیشە بە خاوەنی ستایلی تایبەتی خۆی لە بواری هونەری ڕەسەنی کوردیدا ناسراوە ئەو سەر لە نوێ عاشقمان دەکاتە وەکو هەموو ئەو کاتانەی سەرمەستانە تینووی قومێك ئازادی و چرپەیەك دیداری خۆشەویستەکانمان بووین، هەر لە روانگەیەشەوە پێمان دەڵێ ( بۆ بێ لەو چاوە کاڵانەت چی شك دەبەم هاتووم لە ناو چاوەکانتان تێر تێر بنووم).*

*بەداخەوە ماوەیەکە هونەرمەند بەدەست نەخۆشییەوە دەناڵێنێ ئێمەش وەکو گۆڤاری گوڵان هەوڵماندا هونەرمەند بەسەر بکەینەوە، دوای ئەحواڵ پرسین و هیوای چاك بوونەوە ئەم دیدارەمان لەگەڵیدا سازکرد.*

*دیمانە: سۆران مارف کەریم*
Soran_marf1980@yahoo.com



**لەسەرەتادا هونەرمەند(حەمەی نێرگز) بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن و بە گریانەوە گوتی:** من لە ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایك بووم و خۆم بە قەرزاری ئەو کەسانە دەزانم کە هاندەری کارە هونەرییەکانم بوون ئەگەر بۆ مێژووی کاری هونەری من بگەڕێینەوە خاوەنی مێژوویەکی زۆرم لە خزمەتکردن بە بواری هونەر، بەڵام بە بەرهەمی کەم و بەرهەمێك کە خزمەت بە هونەری بەرەسەنی کوردی بکات، من لە ساڵی (١٩٥٨) وە گۆرانی دەڵێم کە ئەو کاتانە رادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی نەبوو، تەنیا رادیۆی کوردی بەغداد هەبووە کە لە ئێمەوە دوور بوو ئێمە نەمانتوانیووە بەرهەمەکانمان بگەیەنینە ئەو ئێزگەیە بۆ تۆمارکردنی، یەکێك لەو کەسانەی زۆر هاوکارم بووە بۆ کارە هونەرییەکانم لە رووی( ئاواز- شیعر) برای مامۆستا و خۆشەویستم(قادر برسی) بووە (قادر برسی) لە ساڵی (١٩٥٩) منی برد بۆ ئێزگەی کوردی بەغداد بەمەبەستی تۆمار کردنی دوو سروود، بەڵام بەداخەوە بەرهەمەکان لە ژێر سانسۆردا دەرنەچوون، ئیتر ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، لە سلێمانی هەندێك شوێن هەبوون جێگای گردبوونەوەی رۆشنبیران و هونەرمەندان بوون،

مــن و هونەرمەندان (عوســمان عەلی و قادر کابان و ئیبراهمی خەیــات) زۆر لەو جێگایانە دا کۆدەبووینــەوە زۆر جاران گۆرانیمان دەچڕی لەو دەمەشدا لە سلێمانی دەنگی (من و عوسمان عەلی و قادر کابان و ئیبراهیم خەیات) جێگای بایەخی خەڵکی بوون و مامۆستای هونەرمەند خوالێخۆشــبوو (قادر کابــان) زۆر هــاوکاری ئێمــەی دەکــرد لــە ڕووی کاری هونەرییەوە کاری تۆمارکردنی بەرهەمەکانمان بەو شــێوەیە بوو کــە هەموومان لە ماڵێك کــۆ دەبووینەوە بە (تەپڵێــك و دەمێــك) وە کۆمەڵێــك خەڵکی خویندەوار و ڕۆشــنبیر بانگهێشــتی ئەو ماڵە دەکران، ئێمەش گۆرانیمان دەگوت: بەو شــێوەیە کاری تۆمارکردنــی بەرهەمەکانمان ئەنجام دەدا و زۆر جاریش بەرهەمەکانمان لە ماڵی (کەمالی حەمــە ئاغا) یاخود لە ماڵی (عەلی غەمگین) تۆمــار دەکرد،کاك ئیبراهیــم خەیات بە تەمەن لــە ئێمە گەورەتر بوو، بــەڵام خوا زوو بردییەوە ئــەو زۆری پێ بوو بۆ ئــەم میللەتە و توانی خزمەتێکــی دیار بە هونەری کــوردی بکات، من و (عوســمان عەلــی) هونەرمەند تا پۆلی چواری ســەرەتاییمان خوێندووە بەشــەو لەبەر ئەوەی من و عوســمان عەلی بە ڕۆژ خەریکی کاری شــاگردی بەرگدروو بوویــن بۆیە دەکرا بەشەو سەرقاڵی کاری خوێندن بین، وە نیسبەت نازناوی (نێرگز) کە من هەمە، ناوێکی خوازراو نییە بەڵکو من دایکم ناوی (نێرگز)ە، و بە ناوی ئەوەوە ناســرام، چونکە ئــەو کاتە ئەگەر دایك ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ بوایە و شوێنی باوکیشــی بگرتایەتەوە، بەنان کردن و چێشــت لێنان منداڵەکانی بەخێو بکردایە ئەوا منداڵەکانی بەناوی ئەوەوە بانگ دەکران.

*** ژیانی هاوســەریت چۆن پێك هێناوە، ئایا مامۆستا حەمەی نێرگز خۆشەویستی کردووە؟**

- من وەکو گەنجێکی ئەو ســەردەمە ژیانی هاوسەرێتیم پێك هێناوە، بڕیار لە دەستی خۆمدا نەبووە، بەڵام بڕواناکەم گەنج هەبێت خۆشەویستی نەکردبێت من لە ژیان گەنجێتیدا خۆشەویستیم کردووە، بەڵام ســەرکەوتوو نەبووم، دوای ئەوەی ژیان هاوســەرێتیم پێك هێنا ژیانێکی خۆشــم لەگەڵ هاوســەرەکەم دروست کرد ئێوەی گەنج لەم دەمــەدا ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن ئەگەر بتانەوێ دڵداری بکەن دەتوانن لە ڕێگەی مۆبایل و ئەو دەرفەتانەی بۆتان ڕەخســاوە مومارەسەی گەنجێتی خۆتان بکەن، بەڵام بۆ ئێمە بەم شێوەیە نەبوو، من ئەو شــەوە خێزانەکەم بینی کە مارەم بڕیوە، ئێستا خاوەنی سێ کوڕ و کچم، هیچیان لە بواری کاری هونەریدا کار ناکەن.

*** ئێســتا هەســت دەکەیت هونەر چی پێ بەخشیوی؟**

- هونەر خۆشەویستی خەڵکی پێ بەخشیووم ئەگەر هونەرمەنــد نەبوایە حەمەی نێرگز کێ بوو، من کوڕی بێوەژنێك بووم هونەر گەیاندمییە خۆشەویســتی خەڵك هونــەر وایلێکردم کەوا لە ناوپاسێکدا سەرکەوتم پارەی پاسەکەم لێوەرنەگرن لەبــەر ئــەوەی من حەمــەی نێرگــزم هونەر وایلێکردم ئەگەر بچمە چایخانەیەك جێگا نەبێت دەیان گەنج جێگاکەی خۆیم بۆ چۆڵ دەکات بۆ ئەوەی بە پێوە نەوەستم دابنیشم ، من لە ڕێگای هونەرەکەمەوە ڕێزم لێنراوە.

*** ئــەو کاتە خەڵك چــۆن دەیڕوانییە کاری هونەری؟**

-ئەو کاتە زەمەنێك بــوو خەڵکی هەنگاوی بەرەو پێشــەوە دەنا، خەڵکی بــووی ڕوون ببووە کەوا هونەر پەیامێکی گەورەیە، ئەوکاتە خەڵکی هەستی بەوە کرد بوو کە دەبێت ڕێز لە هونەرمەند بگیرێت، جاری وابوو گۆرانیم گوتووە لە ماوەی هەفتەیەکدا (٥٠) کراســم پێشــکەش کراوە، بە هەمان شێوە بۆ هاوەڵەکانیشم لەلایەن جەماوەروە ڕێزیان لێنراوە، بۆیە من دەتوانم بڵێم ئەو دەمە بۆ هونەر سەردەمی زێڕین بووە، بەتایبەتی لە دوای بەیانی یانزەی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) پێم وابوو کرانەوەیەکی گەورە بوو بــۆ بواری هونەری و دەرفەتێك هاتە پێشەوە لە بواری ئەدەب تازەگەری لە ناو هونەری کوردیدا دەستی پێکرد.

*** مامۆســتا پەیوەندی نێــوان ئێوە و تیپی مۆســیقای ســلێمانی چــۆن بوو ئایــا تیپی مۆسیقای سلێمانی پردێك بوو بۆ گردبوونەوەی تەواوی هونەرمەندان؟**

- بەداخــەوە دەڵێــم چۆن ئێســتا حزبایەتی تــەواوی ژیانــی تاکەکانی داگیرکــردووە ئەو کاتــەش تیپ تیپێنــە ژیانــی هونەرمەندانی داگیرکردبوو، ئەگەر لە تیپی سلێمانی بوویتایە نەدەبــوو لە هیچ تیپێکی تــردا کاری هونەری بکەیت بە پێچەوانەوشــەو بۆ تیپەکانی تری ئەو کاتە، ئەمانەش بووە هۆکاری ئەوەی زۆرێك لە هونەرمەندان دوا بکــەون، دەتوانم بڵێم کێبڕکێ و ململانــێ لە ناو تیپەکانــدا ئەوکاتە زیانێکی زۆری بــە هونەری کــوردی گەیاندووە، من لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی پەیوەندییەکی باشم هەبووە لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا گۆرانیم لەگەڵیاندا گوتووە.

*** ســاڵانی هەشــتاکان کۆمەڵێك گەنجی وەکو(سالار ســەلمان و کەمال محەمەد و سالار مەحمود و کاروان عوسمان) بە ستایلێکی نوێوە هاتنە نــاو هونەری کورد و گوێگرێکی زۆریان لە دەوری هونەرەکەی خۆیان کۆکردەوە ئایا لای ئێوەی هونەرمەندانی جیلی پێشووتر هەوڵی ئەو گەنجانە چۆن لێك دەدرایەوە؟**

- ئەوان نەوەی هەشــتاکان بوون لەناو بواری هونەردا توانیان جێ دەســتی خۆیان دیار بکەن ،بەڕاســتی جێی دەســتیان دیارە، خزمەتێکی بەرچاویان بە هونەری کوردی کردووە و کۆمەڵێك گەنجی ماندوو بوون، و دەتوانم بڵێم ستایلی من لەگەڵ ستایلی کارەکانی ئەواندا یەکدەگرێتەوە,



من کوڕی بێوەژنێک بووم هونەر گەیاندمییە خۆشەویستی خەڵک هونەر وایلێکردم کەوا لە ناوپاسێکدا سەرکەوتم پارەی پاسەکەم لێوەرنەگرن لەبەر ئەوەی من حەمەی نێرگزم

ئەگەر دایک ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ بوایە و شوێنی باوکیشی بگرتایەتەوە، بەنان کردن و چێشت لێنان منداڵەکانی بەخێو بکردایە ئەوا منداڵەکانی بەناوی ئەوەوە بانگ دەکران

ستایلی ئەوان تازەگەری بوو لە نێو هونەری گۆرانی کوردیدا.

*** سالآنی هەشتاکان روون و ئاشکرابوو لە نێوان هونەرمەندانـدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەبوو کەچی بەداخەوە ئێستا هەست دەکەیت پەیوەنـدی نێوان هونەرمەنـدان لاوازە تۆ ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- من ئەو پەیوەندییە لاوازەی نێوان هونەمەندان بەباش نابینم و کاریگەری خراپی لەسەر هونەری کوردی دەبێت،نابێت کەس بڵێم من هەم و کەسی دیکە نییە دەبێت جەماوەر بڕیار بدات کێ هەیە و کێ دەتوانێ خزمەتی هونەری کوردی بکات و کێ هونەرمەندە و کێ هونەرمەند نییە، ئێمەی هونەرمەندانی سالآنی شەستەکان و حەفتاکان کە کەسێکمان گۆرانی دەگوت هونەرمەندەکانی تر دەبووینە کۆرسی، من هەرگیز پێم شەرم نەبووە ببمە کۆرسی عوسمان عەلی و سەلاح مەجید و قادر کابان و شانازیم پێوە کردووە،کەچی ئەم نەوەیەی ئێستا وا بیرناکەنەوە، پێیان شەرمە هاوکاری یەکتری بکەن.

* ئەمانەوێت پرسین **کۆی بەرهەمەکانی تۆ چەند گۆرانین؟**

- من گۆرانییەکانم لە پەنجەکانی دەستم تێپەڕ ناکات.

*** چۆن کارت بۆ دروستکردنی بەرهەمێکت کردووە؟**

-ئەی رەسەنایەتی مانای چی تۆ کاتێ باسی رەسەنایەتی دەکەین دەبێت مانای مانەوەی گۆرانییەکە لەزاکیرەی خەڵکدا من گۆرانی (بۆ بێ لەو کاڵانەت چی شك دەبەم) لە ساڵی ١٩٧٢ تۆمار کردووە، ئێستا داوام لێدەکرێت بەسەرپەرشتی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بکرێتە کۆڕاڵێك ئەمە رەسەنایەتی گۆرانییە نەوەك ئەو بەرهەمانەی کە مانگێك لە زاکیرەی خەڵکدا نامێننەوە،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەرهەمەکانی ئێستا رەسەنایەتی تێدا بەدی ناکرێت، زۆرێك لەوانە هەر گۆرانی کوردی نییە.

*** ئەو بەربڵاوییەی لە ناو هونەری کوردیدایە تۆ چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- ئەمە کاریگەری خراپی لەسەر هونەری کوردی دەبێت، بەڵام ناکرێت بڵێین هەموو ئەو کارانەی پێشکەش دەکرین خراپن وکاری باش نەکراوە، کاری باشیش پێشکەش کراوە، بۆ نموونە من زۆر حەز بە دەنگی هونەرمەند(زەکەریا عەبدوڵڵا) دەکەم و گوێ لە دەنگی ئەژدەر وەهبی و عەدنان کەریم دەگرم، چونکە پێم وایە ئەوانە هونەرمەندی باشن و دەتوانن خزمەتی هونەری کوردی بکەن.

> زۆر حەز بە دەنگی هونەرمەند (زەکەریا عەبدوڵڵا) دەکەم و گوێ لە دەنگی ئەژدەر وەهبی و عەدنان کەریم دەگرم، چونکە پێم وایە ئەوانە هونەرمەندی باشن و دەتوانن خزمەتی هونەری کوردی بکەن

***چۆن بتوانین بنەمای مۆسیقای کوردی دیاری بکەین؟**

- دەبێ لە فۆلکۆرەوە بنەمای بۆ مۆسیقای کوردی دەست نیشان بکەین، واتە پێویستە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ فۆلکۆر، چونکە بەم بەربڵاوییەی ئێستا ناتوانین هونەری کوردی بەرەو پێش بەرین.

***گرووپی موزیکی سەهەند گرووپێکی تا ڕادەیەك ستایلی رۆژئاواییە، کارکردنی تۆ لەگەڵ ئەو گرووپە چۆن بوو و تا چەند هەست دەکەیت دەنگی تۆ لەگەڵ ستایلی ئەواندا یەکدەگرێتەوە؟**

- ئەوانە کۆمەڵێك گەنجی بە توانا و خاوەن ئەزموونن لەگەڵ ئەوەی تازەگەرییان لە مۆسیقای کوردیدا هێناوەتە ئاراوە رەسەنایەتیشیان لە یاد نەکردووە، من دەزانم ستایلی من لەگەڵ کارەکانی ئەواندا گونجاوە، بۆیە کاریان لەگەڵدا دەکەم و هاوکاری سەرەکین بۆ کارە هونەرییەکانم و ئەو بەرهەمانەی کەوا ئەوان بۆم تۆمار دەکەن هیچ پارەیەکیشم لێوەرناگرن، لە کاتێکدا تۆمارکردنی بەرهەمێکی هونەری بڕە پارەیەکە زۆری تێدچێت، ئێستاش من ئاوازێکی نوێم لای کاك (هێرش عەبدولرەحمان) و ئاوازێکی ترم لای هونەرمەند(دلێر حوسێن)ە ئەگەر باری تەندروستیم جێگیر ئەوا تۆماری دەکەم،بەڵام ئەگەر باری تەندروستیم خراپ بێت پێم گوتوون ئاوازەکان بدەنە هونەرمەندێکی بەتوانا بۆ ئەوەی تۆماری بکەن، خۆشەویستی و ریز و هونەر من و گرووپی موزێکی سەهەندی بەیەکەوەی بەستۆتەوە ، ئەوان جێگای رێز و خۆشەویستین.


*** ئێستا باری تەندروستیتان چۆنە دوای ئەوەی سەفەری وڵاتی ئوردن تان کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی؟**

-نەخۆشیەکەی من شیرپەنجەی سییە، ئێستا بەرە بەرە باری تەندروستیم باش دەبێت لێرەشەوە دەمەوێت سوپاس بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی بکەم مە بەمەبەستی پرسیینەوە لە تەندروستیم سەردانی کردم لە ماڵەوە ، هەروەها سوپاسی خاتوو(هیرۆ ئیبراهیم) دەکەم بەمەبەستی چارەسەر کردن رەوانەی وڵاتی ئوردنی کردم، سوپاسی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی بکەم کە لەماوەی دوو رۆژدا تەواوی کارەکانیان بۆ ئەنجامدام بەمەبەستی پیدانی پاسپۆرت، سوپاسی هەموو ئەو هونەرمەندانە دەکەم کە هەوڵیان لەگەڵمدا.

*** سەبارەت بەو رێزلێنانەی بۆ بەرێزتان ئەنجامدرا لە شاری سلێمانی، دەمانەوێت پرسیار بکەین بزانین بیرۆکەی ئەو رێزلێنانە بۆ بەڕێزتان چۆن بوو تا چەند بە پێویستی دەزانی ئەو جۆرە رێزلێنانە بۆ ئێوەی هونەرمەندی خاوەن ئەزموون بەردەوام بێت؟**

-دیارە جێگای خۆشحاڵی من بوو کەوا ئەو رێزلێنانە بۆ من ئەنجامدرا، سوپاسی ئەو هونەرمەندانە دەکەم کەوا بیرۆکەی ئەم رێزلێنانەیان هێنایە ئاراوە بەڕاستی ئەوە رێزلێنانی خەڵك بوو بۆ من، چاویان ماچ دەکەم و خۆشحاڵم بەوەی زیاتر لە (٢٠٠٠) دوو هەزار کەس بە پیریەوە هاتن و لەنێو ئاپۆرای جەماوەر پێشوازیم لێکرا بریا ئەو رێز لێنانە چەند ساڵێك بەر لە ئێستا بۆم بکرایە بۆ ئەوەی زیاتر شانازیم پێوە بکردایە،من ئەمە بە پێویستی و گرنگ دەزانم کەوا بۆ هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون لەم جۆرە رێز لێنانە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی زیاتر هونەرمەند بتوانێت هەست بە ماندوو بوونی خۆی بکات.









# AVATAR

# مشتومڕەکانی ٢٠١٢ کەم دەکاتەوە؟



دوای فیلمی (تایتانیک) کە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بوو بۆ جیمس کامیرۆن تۆمار کرد و ناوی چووە نێو مێژووە، وا جارێکی کامیرۆن بە فیلمێکی دیکە دەگەڕێتەوە کە بە وتەی خۆی هیچی لە تایتانیک کەمتر نییە، ئەویش فیلمی (ئەڤاتار - AVATAR)ە .

ئەڤاتار جیاوازە لە فیلمەکانی دیکەی ئەکشن بەوەی پەیامێکی ئاشکرایە دژی شەڕ و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەروەت و سامان بە شێوەیەکی گشتی، ئەم فیلمە بە وەرچەرخانێکی مەزن دادەنرێت لە مێژووی سینەما و فیلمە سێ دووریەکان وەک ( ستار وور و کینگ ئۆف رینگس).

## جیاوازی لەگەڵ ٢٠١٢

ماوەیەکە فیلمی ٢٠١٢ مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە لەسەرتاسەری جیهان، چونکە باس لە کۆتایی هاتنی جیهان و مرۆڤایەتی دەکات لە ساڵی ٢٠١٢، بەڵام بە پێچەوانەوە رووداوەکانی ئەڤاتار لە ساڵی ٢١٥٤ دەست پێدەکەن واتە دوای ١٤٢ ساڵ لە رووداوەکانی (٢٠١٢)، بەڵام ئەمە رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەر لە بەهەمهێنانی ٢٠١٢ جیمس کامیرۆن خۆی بۆ ئەم فیلم ئامادە کردبوو.

ئەڤاتار باس لە پێویستی دانیشتوانی زەوی دەکات بۆ بەدەستهێنانی کەرستەی سروشتی لە هەسارەیەکی دیکە ئەویش هەسارەی (باندۆرم)ە، ئەم هەسارەیە بڕێکی زۆر کەرەستەی سروشتی لەسەرە کە مرۆڤ زۆر پێویستی پێیەتی بۆ بەردەوام بوونی ژیان، بۆیە ئەمریکا هێزەکانی خۆی دەنێرێت بۆ دەست بەسەردا گرتنی و لەم گۆشە نیگایەوە بە جۆرێك لە نارەزایی دەربڕین دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا لێکدەدرێتەوە، چونکە هەسارەکە بە گژوگیایەکی سەوز و جوان داپۆشراوە و ئاو هەوایەکی پاك و بێگەردی هەیە بەر لەوەی مرۆڤ ئاو وهەواکەی بمژێت، دانیشتوانی هەسارەکەش کە رەنگیان مەیلەو شینە بالآیان نەرزە و چاوەکانیان رەنگێکی زێڕینە و بە (نافی) ناسراون، ئەمانە بە ئاشتی و ئارامی دەژین بێ ئەوەی کەس ئازار ئەوی تر یان سروشتە جوانەکەیان تێك بدات.

لە یەکێك لەو جەنگانەی لە نێوان مرۆڤ و نافیەکاندا روودەدات، یەکێك لە نافیەکان دەکوژرێت و لاشەکەی دەبردرێتە بنکە سەربازییەکەی ئەمریکا بۆ ئەوەی جینەکانی لەگەڵ جینەکانی سەربازێکی تێکەڵ بکرێن بەناوی جاك سۆلی پاڵەوانی فیلمەکە کە سام وورسنگتون رۆڵەکەی دەبینێت، دوای تێکەڵ کردنی جینەکان جاك دەبێتە یەکێك لە نافیەکان بە هەموو تایبەتمەندیەکانیانەوە وەك ئەوان هەست دەکات، دەبینێت واتە دەبێتە نافیەك بە عەقڵی مرۆڤ . دواتر هێزە ئەمریکییەکان ئەرکێکی سیخوڕی بە جاك دەسپێرن، سەرەتا وەك سەربازێکی گوێڕایەڵ زۆر بە باشی ئەرکەکەی جێبەجێ دەکات، دوای ئەوەی ژیانی کچێکی نافیەکان لە مردن رزگار دەکات بەناوی نیتیری کە پاڵەوانی فیلمەکەیە و مایلز کوارتش رۆڵەکەی دەبینێت بەم بۆنەیەوە داوەتی دەکات بۆ نان خواردن لەگەڵ خزم و کەسەکانی، ماوەیەك لە نێویاندا دەژیت و بۆی دەردەکەوێت کە ئەمانە زۆر رێز لە هەسارەکەی خۆیان و یەکتری دەگرن، بیرۆکەکانی دەگۆڕێن و پیداچوونەوەیەکی خۆی دەکات لە ئەنجامدا دژی ئەوانە دەوەستێتەوە کە بوونە هۆی ئەوەی بێتە ئەم جیهانە نوێیە بۆیە یارمەتی نافیەکان دەدات دژی هاورەگەزەکانی خۆی. خاڵە نزیکەکانی نێوان ئەم فیلمە و ٢٠١٢ ئەوەیە لە هەردووکیاندا مرۆڤ بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕێت رزگاربوون، بەڵام لە ٢٠١٢ دا مرۆڤ دەیەوێت خۆی رزگار بکات دژی سروشت کە بێ دەسەڵاتە بەرامبەری تەنیا ئەوەندەی لە تواناداا هەیە ژیانی خۆی بپارێزێت، بەڵام لە ئەڤاتار –AVATAR دا هەوڵ رزگارکردنی خۆی دەدات لەسەر حیسابی بوونەوەر و شارستانیەتی دیکە کە هیچ پەیوەندی پێوە نییە و لە ژیانێکی ئاسوودەدا دەژین، هەروەها کاتەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ رووداوەکانی دوای ٢٠١٢ لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین ئایا دوای ئەوەی ئەو ژمارەی مرۆڤەی لە کۆی شەش ملیارەکەی جیهان لە ٢٠١٢ دا رزگاریان دەبێت پەندیان لە کارەساتەکە وەرنەگرتووە و هەر بەردەوامن لەسەر خۆپەرستی و درێژەدا بە شەڕ و ئاژاوە؟.

ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ٤٠ خولەکە، بەڵام رەنگە ئەم ماوەیە زۆر نەبێت بۆ رووداوە سەرنجڕاکێشەکانی فیلمەکە، ئەم فیلمە پاڵێوراوە بۆ بەدەستهێنانی چوار خەڵاتی گۆڵدن گلۆب لە پاڵەوانێتی سام وورسنگتۆن و زۆی ساڵدن و ستیڤان لانگ و دەرهێنانی جیمس کامیرۆنە، بڕی ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری تێچووە و پێشبینی دەکرێت داهات و خەڵاتەکانی زۆر لە تێچوونەکەی زیاتر بن.

**خاڵە نزیکەکانی نێوان ئەم فیلمە و ٢٠١٢ ئەوەیە لە هەردووکیاندا مرۆڤ بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕێت رزگاربوون، بەڵام لە ٢٠١٢ دا مرۆڤ دەیەوێت خۆی رزگار بکات دژی سروشت کە بێ دەسەڵاتە بەرامبەری**